# ڕۆژنامە نووس

## کامەران مەنتیك

ماوەیەکی بێکاری دەستی لە هەوکێ نابووم و بەرۆکی بەر نەدەدام هەر چەندەی خۆم دەهێنا و دەبرد، دەچوومە کن ئەم هاوڕێ . ئەو برادەر بێسوود بوو. وەک ئەوەی کار لێم یاخی بووبێ و بڕیەی دابێ هەرگیز تخوونم نەکەوێ. نەمدەزانی چیبکەم؟! ڕۆژگار درێژە و تەواو نابێ. هەڵمەتم بۆ ئەو کتێب دەبرد دەستم دەدا ئەم گۆڤار . نەخێر هەموو دوهامییان دەهات، ڕۆژگار بەسەر نەدەچوو. خۆشتان دەزانن لەو سەردەمە پڕقات و قڕییە مرۆ ئاتاجی بەپارە هەیە و کەس بە خۆڵ نازێ! هێندە گەڕام تا لە گیانی خۆم وەرز بووم و مردنم لا گەلێک ئەهوەن تر بوو لەوەی خۆم بەو لە گوێنە ببینم. هەناوە کۆنی ڕۆژێک هاوڕێیەکی نزیک و ئازیزم هاتە لام. کاتێ بەو مەلوولی و ڕەنگ زەردیەی هۆیەکی لە خۆزانی! زۆر بەزەیی بە حالمدا هاتەوە. بە دەنگێکی نزم سۆنگەکەی لێ پرسیم. منیش بە بەرەواژووی هەموو جارێک کە شەرمم دەکرد و زۆر لە دلمّ گران بوو بڵێم بێکارم. بە نامۆییەوە گوتم!

( (چی بڵێم. . بێکارم. بێکاری پەتایەکەو تووشم بووە) ) . کە ئەم وەڵامەم دایەوە هاوڕێیەکەم داما. . ماوەیەک بیری کردەوە پاشان گوتی: ( (باشە بۆ چەند لەمێژە بە منت نەدەگوت؟! هەر نەبێ کۆنە هاوڕێین و تا ئێستا ڕێگایەکم بۆ دەدۆزیەوە لەگەڵ ئەم ئاخاوتنەی پشیەکم وەبەرهاتەوە و لەدڵی خۆم گوتم بەخوا قولابەکەم ئەم جارە گرتی. لە ژێر زەویش بێت ئەوە کارێکم بۆ دەدۆزێتەوە) ) . لە خۆشیا دەمە بەشکەم گرت و نەمزانی چی بڵێم! وا گرژبوومەوە سەد سوێندو قورئانت دەخوارد ئەمە خۆی ئادگاری وا هەڵ کەوتووە!. بە هاوڕێیەکەم گوت: ( (باشە نووکەش نەچووە بچێ. بزانم چیدەکەی. . چۆن جوامێری خۆت دەنوێنی؟!) ) . بەو پەڕی ئاسایییەوە، کەوتە پرسیار کردن!

- کرێکاریت پێ دەکرێ؟
- نەخێر. . خۆت دەزانی بنێس و لاوازم و بەرگەی کاری گران ناگرم!
- دەتوانی پاقلە فرۆشی بکەیت؟
- نەخێر. . چونکی پارەی داشقەم نیە!
- ئەی باشە پاقلاوە فرۆشیت پێ دەکرێ؟

- ها • • • بەخوا چی بڵێم. .

دەم و چاوی هەڵگۆفت و هەناسەیەکی هەڵکێشا. منگە منگێکی لێوە هات کە چەندەی هەوڵم داو دەرگای گوێچکەکانم بۆ والاکرد فڕی لێ تێنەگەیشتم لێوی گەستەوە. پەنجەی دەزاری ناو دەستی بەسمێلی داهێنا. لەپڕ دەنگی هەڵبڕی:

( (دۆزیمەوە. . کارێکی بێ ماندوو بوونم بۆ دۆزیەوە. ماندوو بوونێکی کەم و پارەیەکی زۆرو زەوەند!) ) . بەختیاریەکی وا لە هەمێزی گرتم لەزگ بوو باڵ بگرم. باوەڕم بە گوێچکەکانی خۆم نەدەکرد. لەم بێکاریە کوشندەیە کارێکم بۆ بدۆزرێتەوە ماندووبوونی نەبێ و پارەیەکی باشیشم چنگ کەوێ! نەمتوانی زێتر بەرگە بگرم بە لەزەوە زارم لێک ترازاند و ڕووی پرسیارم ئاراستە کرد

(چییە . . . بزانم چ کارێکت بۆ دۆزیمەوە ؟!)

بە دڵنیایوە گوتی (ڕۆژنامەنووسی) . بە رایێ وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکا. بەری خۆم وەرچەرخاند و خەم ڕوخساری داگرتمەوە، ئاخێکی پڕ بە سییەکانم هەڵکێشا. دەستێکم بۆ پاکەتەکەم درێژ کرد کەچی وەک گیرفانم خاڵی بوو. بۆیە پاکەتی هاوڕێیەکەم ڕاکێشایە لای خۆم جگەرەیەکم دا بەم و دانەیەکیشم بۆخۆم داگیرساند. وەختێ هەستی کرد گاڵتەم پێ دێت درێژەی بە ئاخاوتنەکەیدا:

( (بۆ ڕات لەم کارە نیە، گوایە لەمە باشترت چنگ دەکەوێ؟! دەترسم وابزانی گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم بەلانەکونێ گازاندەت لێناکەم! ئەوەیە دەڵێن دەستی کوێریان بۆ سەر خەزێنەی دەبرد دەستی خۆی دەکێشایەوە!) ) سەیرم کرد هاوڕێیەکەم پەیڤەکانی لە دوڕ دڵیە وەدەردێنێ. بۆیە کەمێک لە شوێنەکەی خۆم بزووتم ! (باشە ئەم کارە چۆن بەمن ئەنجام دەدرێ؟) .

: (بۆ خوێندەواریت نیە؟)

: ( (خەت و قەڵەمێکی چاکم هەیە!) .

. (کەواتە بۆچی دەترسی! ئەو شتەی داوایان لێکردی لە سەری بنووسە! لە جیاتی چوار دێر تۆ دە دێر بنووسە، لەجیاتی دە بیکە بیست، چونکێ ئەوە بزانە چەندەی دڵیان بیگرێت و بە ئارەزووی ئەوان بێت بەخشیشەکەت زۆرتر دەبێ و پارەیەکی چاکت دێتە دەست) )

خەریک بوو قنیاتی پێبکەم گوتم:

( (باشە لەسەر چی بنووسم، باسی چی بکەم؟ وەک ئەوە بنووسم کە لە ڕۆژنامەکان دەیانخوێنمەوە. بەم شێوازە باسی دەوروبەر بکەم؟!) ) هاوڕێیەکەم بە بایەخ پێدانەوە پەنجەی هەڵبڕی:

(ئا. . لە یادم نەبوو، خۆ تۆ کتێب و شتی ئاواش دەخوێنیەوە. ئەوا باشتر، خاتر جەمم هەر شتێکی داوات لێبکەن لە کنت وەک ئاو خواردنەوە دەبێت. کارێکی باشەو لەدەست خۆتی مەدە. لەمە باشترت چنگ ناکەوێ) خەنی بووم! لە دڵی خۆم گوتم:

(ئافەرین ئەی خدری زندە بەم تەنگانەیە چۆن بە فریام گەیشتی! بێ سۆنگە نیە دەڵێن خوا دەڕوویەکت لە ڕوو دابخا دە دەریانت لێدەکاتەوە) شادی ووردە ووردە ئەو خەمە ئەستورەی دڵمی ڕەواندەوە و بە نەرمی جێگەی گرتەوە. لە ناکاوڕا بیرێکم بۆ هات! موچرکێک گیانمی خشتە لەرزە. گاڵتەم بە مەژی خۆم هات و تێر پێکەنیم بانگی هاوڕێیەکەم کرد و پێم گوت:

(باشە خۆمن شەهادەم نیە! چەند بە خۆم پێکەنیم هاوڕێیەکەم دە هێندە بەم ئاخاوتنەی من پێکەنی! بە گاڵتە پێکردنێکەوە گوتی:

(ترحێو. . کوڕی بابم بیر لە چی دەکاتەوە. کامە شتی بێ بایەخ و نا پەسندە مەژی ئەو دەربەستی دەبێ، هێهێ. . خوا نانێکت پێدەدا بۆ نازانی بیخۆی هەڵسە خێرا جلەکانت بگۆڕە و بابڕۆین. لە جیاتی قسەی هیچ و پوچ هەوڵێک بدەین بەڵکو لە دەست ئەم بێکاریە ڕزگار دەبی!) .

بەبێئەوەی نقەم لێوە بێت بە نیازی جل گۆڕین چوومە ژوورەوە. دڵم وا کەوتبووە خورپە وەک ئەوەی ژوانم لەگەڵ کچێکی خنجیلانەو ئێسک سووک هەبێت. بزەیەک وەک بنیشت بە ڕوخسارمەوە لکاو بەری نەدا. کە جلەکەم لەبەرکردو بەرانبەر ئاوێنە وەستام دیسان، خەم بینە قاقای گرتم و لەجێگەی خۆم تاسام. خۆم زۆر شرو شەپریۆو پیس و پەلۆس هاتە بەرچاو، لە دڵی خۆم گوتم، هەر شان و شەوکەتم ببینن لێم دەرەونەوە ویستم پەژیوان ببمەوە و وا لە هاوڕێیەکەم بگەیەنم کە لە لایەکی دیکە کاریان بۆ دۆزیومەتەوە. بەلانە کونێ بێسوود بوو. هاوڕێیەکەم وا گەمژەڵ و ترۆ نەبوو بەو نزایە بڵێ ئامین. هەر چۆنێکی بێت بەڕێکەوتین. لە ڕێگادا لە دەرگای زۆر بسمان دا. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو ئاگادار بووم هاوڕێیەکەم هانی دەدام و شتەکەی لەبەر چاو بچووک دەکردمەوە. پەیقێکی دەردەبڕی ها. ها. ها بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنی! نازانم هەر بۆ ئەوەی خۆی بە مرۆیەکی لێ هاتووە بە توانا نیشان بدا، یاخود ئەو ترس و لەرزەی دڵی من بڕەوبێنێتەوە؟! ئەوەی ڕاستیش بێت من زیاد لە پێویست دەترسام. نا حەقیشم نەبوو، چونکە هەرگیز بەتەک شوێنی ئاوادا نەچوو بووم. کە ڕۆژنامە نوسێکێشم دیبوایە لێی دەتۆقیم و هەترەشم دەچوو. بەمرۆیەکی زل و زەلامی تێدەگەیشتم. دەمگوت نووکە بە ووشە گەرماوێکم بۆ دروست دەکا و جوان دەمشواتەوە. ئەدی ئەوە بەلای منەوە شتێکی کەم نەبوو. کاتێ گەیشتینە بەر دەرگای ئۆفیسەکە بەتەواوی ئەژنۆم شکا. دڵم وا کەوتە خورپە گوتم ئەو ڕۆژەی پێ بچم ئەمڕۆیە. داوام لە هاوڕێیەکەم کرد بگەڕێینەوە وەک ئەوەی کارەکە بۆ ئەو بێ وازی نەهێنا. پێم گوت:

( (کاکی برا، برای برام. کارەکە بۆمن نیە؟ من نامەوێ. نامەوێ و ئەهـ!) ) ئەمەم دەگوت لە کاتێکدا لە دڵەوە حەزم دەکرد کارەکەم بۆ ببێ. لەگەڵ ئەمەش دەترسام!.

لە پرسگەکە هاوڕێیەکەم زۆر بەگرانیەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکە دوا، وا وێدەچوو ئاشنایەتی لەگەڵ دا هەبێت و ناسی بکا. چونکە دوای ئەوەی تەوقەی لەگەڵ کرد، دیاردی بۆلای من کردو گوتی: ( (ئەوەش کاک کارزان. ڕۆژنامە نووسە: دەیەوێ لە ڕۆژنامەکەتان کاربکا.) )

منیش دەستم درێژ کردو تەوقەیەکم لەگەڵ کرد. ئارەقەیەکی تژی. شەرمەزاربم کرد! لە دڵی خۆم گوتم ئەو هەتیوە سەگە تووشی کارێکی وای نەکردم دەرباز بوونم ئاسان بێ. ئەوە منم بە پێی خۆم بۆ مردن دەچم! دوای ماوەیەک دانیشتن لەسەر داخوازی فەرمانبەری پرسگەکە عەرزو حالێکم نووسی و بۆلای بەڕێوەبەرەکەم برد. هەرچەندە بەرایێ ویستم بچمە کن عەرزو حاڵ نووسی وەلێ هاوڕێیەکەم نوقورچەیەکی لێدام و گوتی:

( (ئەوە چیدەکەی؟ نیازت وایە ئابڕوومان بەری؟! بینووسە، دەی خۆت بینووسە) )

گوتم باشە چی بنووسم؟! بەژیانم عەرزو حالم نەنووسیوە. گوتی ماڵت کاول نەبێ هەرچیەک دەنووسی بنووسە گرنگ نیە! بنووسە ( (جەنابی بەڕێوەبەر بێکارم و دەمەوێ کارم پێ بدەن. ووشە سازیەکی باش دەزانم. شارەزایم لە ناوی زۆربەی نووسەرەکانی جیهان و خۆمان هەیە، هەر بابەتێکی داوام لێ بکەن ئامادەم بە دڵی ئێوەی بنووسم) ) چۆنی گوت وام نووسی دوای چاوەڕوانی کردنێکی زۆر کار گوزارە کە هات و پێی گوتم بەڕێوەبەر گەرەکیەتی چاوی پێت بکەوێ! هەناوم بەربووەوە. ویستم ڕاکەم، وەلێ هاوڕێیەکەم توند قۆڵی گرتم گوتی نیازت وایە چی بکەی؟ قاتی خۆ بەتەمانی ئاڕوومان نەتک بکەی! کە چوومە ژووری بەڕێوەبەر لە نزیک دیوارەکە ڕۆیشتم هەتاوەکونێ ئەگەر بشکەوم خۆم بەدیوارەکە بگرمەوە. نازانم چیم بەسەرهاتبووفڕ هۆشم لەکن خۆم نەبوو و سەرم وەک فرفرۆکە دەسوڕا. ڕەنگم زەرد وەک کای لێ هاتبوو، کار گوزارەکە بەر لەمن گەیشتە دەرگاکە و کردیەوە. کە چوومە ژوورەوە دوو کەس لەکن بەرێوەبەر دانیشتبوون بەریوەبەرەکە شێوەی لام نامۆ نەبوو. سلاوێکم کرد. کەس وەڵامی نەدایەوە. بە گوێرەی دیاردی بەرێوەبەر کەبێ ئەوەی سەیری من، لەسەر یەکێک لەقەنەفە جوان و گرانبەهاکان دانیشتم. یەکێک لە دوانەکە کە لە ئاهاوتنەکەی وێدەچوو ڕۆژنامە نووسێکی کۆن بوو. بەرێرێکەوە داخاون و دەیگوت: ( (من گۆشەیەکی وام نیە دوێنێ تەنها لاپەرەو نیوێک بەر من کەوتبوو. ئەمەش بە گوێرەی من زۆر کەمە هیوادارم دوولاپەرەی تەواوم بەر بکەوێت! ژمارەی لاپەرەکانی ڕۆژنامەکان لەخواوە بەزیاد بێت زۆرە و دوانزە لاپەرەیە، منیش وەک خۆت ئاگاداری مناڵم وورده و هاتووچۆش بەپێ زۆر ناخۆش بووە) ) . بەرێوەبەرەکە دیار بوو سەری بۆ لە قاندو گوتی:

( (هاوڕێیەتیەکەمان ڕێگەم نادا بەهیچ شێوەیەک دڵت بشکێنم. وەک ئەرکێکی سەر شانی خۆمی دەزانم داخوازیەکەت بەجێ بگەیەنم. وەلێ وەک خۆت دەزانی.) ) ڕۆژنامە نووسەکە دەم و دەست وەڵامی دایەوە:

( (دەزانم. منیش هەرگیز بۆم ناکرێ تۆ لە یاد بکەم) ) . هەردوکیان پێکەنین. بەبێ ئەوەی بایەخ بە ئێمە بدەن لەپڕ کابرای ڕۆژنامەنووس داوای یارمەتی لە بەرێوەبەرەکە کرد. بەر لەوەی بڕوا بە دەنگێکی نزم و چرپەیەکی لەبن گوێی کردو سەیری کابرای دانیشتووی کرد. بەرێوەبەرەکە سەری لەقاندو یەک دووجار گوتی: ( (بەسەرچاو. بەسەرچاو) ) ڕۆژنامە نووسەکە بەخەندەیەکەوە هەنگاوی ناو چووە دەرەوە. لەماوەی ئەم مشت و مڕەدا من هەر سەیری بەرێوەبەرەکەم دەکردو لێ ووردەبوومەوە خاتر جەم بووم لە ناسینی بەڵانە کۆنی یادم نەدەهاتەوە چۆن و لەکوێ! لەپڕ لێوی خۆم گەستەوە ( (قادر ڕەسول) ) ە! ئەو کاتە ناسیمەوە زانیم کێیە. بۆیە تۆزقالێک شەرمم لانەماو قاچم خستە سەرقاچ. بە دەنگێکی بەرز گوتم: کاک قادر هاتووم بەڵکو لای ئێوە بەڕۆژنامەنووس دابمەزرێم) ) . ماوەیەک لێم وورد بوەوە پاشان گوتی : ( (تۆ لە کێ من دەناسی؟!) ) .

( (خۆت نەناس دەکەی کاک شینە!) ) .

لەشوێنی خۆی قرقەپ بوو. ڕەنگی تێک چوو. ویستی تووڕەیی خۆی نیشان بدا کەچی بێسوود بوو. چونکی زانیم چیم پێگوت ئەم ووشەیە برینی کولاندەوە کاتی خۆی هاوسێ بووین ماڵ بەماڵ. لەبەر ئەوەی منداڵێکی بلح و گێلۆکە بوو کەس خۆش گەرەکی نەبوو. بەقەلافەت زل بووبە مەژی بچووک: بۆیە خەڵک دەیانگوت بەبەژن شینە زەلامێکە بەئەقڵ چش. مینا گۆلکە. لەبەر ئەوە هەموو کەس پێیان دەگوت شینە. زۆر بەو ووشەیە قەڵس دەبوو. ڕۆژ نەبوو شەڕێک نەکا. لە کۆتایی کەزانی هیچی پێناکرێ ناچار وازی هێنا.

شینە ڕووی لە کابرای تر کرد کەوا دیاربوو ئەویش گەرەکی بوو ببێتە ڕۆژنامەنووس لەگەڵیا دەستی بەئاخاوتن کرد. ویستی بەزووترین کات لەکوڵم بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێکەنینێکی ساختەی خستە سەر ئاگاداری و گوتی: ( (ئێوە حەزدەکەن لێرە وەک ڕۆژنامە نووسێک کاربکەن. پێویستە لەسەر ئێمەش تاقیتان بکەینەوە. چونکی وەک خۆتان دەزانن لێپرساویەکی گەورەتان دەکەوێتە ئەستۆ. هەر وشیەکی دەینووسن دەکەوێتە بەرچاوی خەڵکی. دەبێ ووردبن و لەهەموو پەیقێک بکۆڵنەوە. بێ بیرکردنەوە هیچ نەنووسن. بۆ ئەم مەبەستەش حەزدەکەم یەکەمجار بەئارەزووی خۆتان بابەتێک هەڵبژێرن و لەسەری بنووسن ئەمەیان دەبێتە قفلێکی گەورە دەرگاتان بەڕوو دادەخا. یاخود دەبێتە کلیلێکی مەزن و هەموو شتێکیان لەبەردەم ئاوەلا دەکا) ) .

دوای ئەوەی لای بەڕێوەبەر هاتمە دەرەوە بەتەواوی شەرمم شکابوو. هاوڕێیەکەم کەلەدەرەوە چاوەڕوانی دەکردم، بەگورجی بەپیلمەوە هات و پرسیاری لێکردم. کە باسەکەم بۆ گێرایەوە گەلێک پێکەنی. کاتێ چووینە دەرەوە بیرم لەوە دەکردەوە چ بابەتێک هەڵبژێرم. . لەسەر چی بنووسم؟! ئەمە بەتەواوی مەژی مژوول کردبووم و ئاگام لەهاوڕێیەکەم نەمابوو، تا ئەو کاتەی خوا حافیزی لێکردم. وەکو یەکێک شتێکی گوم کردبێ سەیری دارو دیوارم دەکردو لە هەموو شتێک ڕادەمام. لەپڕ دەستێک کەوتە سەر شانم و لەجێگەی خۆم ڕاپەریم. کە ڕووی خۆم وەرچەرخاند. بینیم ئەو کابرایە بوو کە لای قادر ڕەسول بوو. ئەویش گەرەکی بوو ببێتە ڕۆژنامەنووس. بەڕووخۆشیەکەوە خۆی بەمن ناساند. پاشان بەجووتە کەوتینە ڕێ. وەک سەرەتای هەموو هاوڕێیەتیەک قسەی بێڕێ و جێی نەدەکردو بەڕێزەوە ڕایەکانی دەردەبڕی. تا گەیشتینە ئەو باسەی لەسەر چی بنووسین؟ ماوەیەک بەیەکەوە بیرمان کردووە. زۆر ڕاو بۆچوونی خۆم نیشان دا. وەک ڕایەکانی من قێزی بکەنەوە لچی خۆی وێک دەهێنایەوە و بەری خۆی لەم لا دەکرد. تا لەپڕ وەستاو بە بایەخێکەوە سەیری دیوارەکەی بەرانبەری کردو بە دەنگێکی بەرز گوتی: ( (دۆزیمەوە. . !! گوتم هەبێ و نەبێ پارچە زێڕێکی دۆزیەوە. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر ئێرەیم پێبرد. لە دڵی خۆم گوتم ئەگەر خوا دەرکەیەکت لێ والا بکا خۆشت نازانی بەچ لەگوینێک دەتداتێ. کە سەیری دیوارەکە کرد لە وێنەیەکی زل و زەلام بەولاوە هیچی دیکەم نەدی. پێکەنیم گوتم چیت دۆزیەوە؟ کابرا سەری زمانی خۆی گەستەوە. وەک ئەوەی لەدەربڕینی ئەو پەیقانە پەژیوان بوبێتەوە گوتی) ) گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. ئەوەی درکاندو ماڵ ئاوایی لێکردم. زانیم بابەتەکەی دۆزیەوە لەترسی ئەوەی نەبادا بیرۆچکەکەی لێبدزم خۆی لەگێلیدا! بەتەنیا دەستم بەگەڕان کرد. هەر دەرۆزەکەرێکم دەدی ماوەیەک تێی ڕادەمام و شتێکم لێ وەردەگرت. لە دڵی خۆم دەمگوت: ( (دەبێ شتێکی وابنوسم گۆی زەوی بهەژێنی) ) . چونکی دوای ئەوەی لەکن بەڕێوەبەر دەرچووم باوەڕێکی پتەوم بەخۆم پەیداکرد. خاترجەم بووم چوار هێندەی ئەو شت دەخوێنمەوە. کاتی خۆی من دەستم لە شیعریش دەدا کەچی ئەو. . چەند ڕۆژێک بەو کلۆجە گەڕام. کوچە و کۆڵان نەما سەری پیانەکەم. شەقام نەما نەیکوتمەوە. بەکورتی و کوردی شوێن نەما نەگەڕێم. دوماهیدا بڕیەم دا چاکترین بابەت کە هەڵبژێرم بێکاریە! هەرچەندە بەڕایی زۆر باسی دیکەم دانابوو وەک ( (زۆر بوونی ژمارەی دەرۆزەکەران. پڕی چایخانەکان. هۆی زێدەبوونی سەرخۆشەکان) ) بەلا نەکونێ سەر ئەنجام وام بەباش زانی لەسەر بێکاری بنوسم و سۆنگەکەشی شیبکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێنووسم خستە هەمێزی پەنجەو و سەرەتا نووسیم ( (وەک ئەوەی لەکن زرۆربەی هاونیشتمانیانی بەڕێز ڕوون و ئاشکرا یە ئەمرۆ لە هەموو سوچێکی نیشتیمانە ئازیزو قەشەنگەکەمان بێکاری وەک نەرە دێوێکی زەبەلاح لەبەردەم هەموو گەنجێکدا وەستاوە و پەنجەرەی بینینی ژیانی لێگرتووە. ئەو تاقەڕۆچنەی لێ داخستووە کە هێوییانە و تیایدا سەیری دوا ڕۆژدەکەن. ئەمرۆ بێکاری گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا مەترسیەکی زۆری لێدەکرێ. تەنانەت ڕەشۆڵەکانی سەردارەکان بێ کار ماونەتەوە. کۆترە باریکەی سەر منارەی مزگەوتەکان پۆل پۆل لە ئەسمان دەسوڕێنەوە و ئەو کاتە بەفیەتەیان بەخت و خۆڕایی دەدەن. لافاوی بێکاری وا هەڵساوە کە ئەگەر بێتوو بەربەستی بۆ دانەنرێ لەوانەیە. . ئەمانەو زۆر وشەی تریشم ڕیز کرد. لەئەنجام کەدوا پاک نووسم کرد ( (دوانزە پەڕەی قەبارەی گەورەی پڕ کردبووەوە بەبێ ئەوەی دێر بپەڕێنم! کەسەیرمکرد زۆر شت مابوو بینووسم! کەچی لەبەر ئەوەی هەویرەکە ئاوی زۆر دەکێشا بڕیەمدا ئەو شتانەی لەبەر چاومن و لەناخدا پەنگیان خواردۆتەوە ڕۆژ بەڕۆژ بیخەمە نووکی پێنووسەکەم، کە دوا جار سەیری نووسینەکەم کردو بەراوردێکم. . لەگەڵ یەکێک لەژمارەکانی ڕۆژنامەکە کرد. لەخۆبایی بوونێک ئێخەی گرتم. کوردیەکەم گەلێک جوان و ناسکتربوو لەچاو کو. .

ڕڕ. . د. . یە کەی. ئەوان. لێنان ناشارمەوە ئەمەم لای هاوڕێیەکەم تەرکاند گوتم نەبادا بڵی لەیەکەم ڕۆژەوە لێمان بووە پڕڕۆ. .

کە بەیانی هات بەبێ یارمەتی هاوڕێیەکەم بەتەنها بەرەو شوێنی مەبەست هەنگاوم نا. لەدڵی خۆم گوتم تەواو. . تازەبووم بەڕۆژنامەنووس!. کەلەدەرگا چوومەوە ژوورەوە بەبێ بایەخی سەیری فەرمانبەری پرسەگەکەم کرد. لە سۆنگەی شینە هەتاوە کونێ شێوەی کار گوزارە قوڕ بەسەرەکەم لا گۆڕابوو! لە ژووری بەڕێوەبەر بە بێ باکی قاچم خستە سەر قاچ. کابرای تر. . با بڵێین ئەوەی وەک من نیازی هەبوو ببێتە ڕۆژنامەنووس. وەک ئەوەی لە مزگەوت دانیشتبێت خۆی مات کردبوو ورتەی لە دەم دەرنەدەهات. هەر هێندە بوو بەرماڵی ڕانەدەخست و دوو ڕکات نوێژی پوختەی بەرامبەر خۆی نەدەکرد! دیار بوو دەست وەکەری کردبوو و بابەتەکەی خۆی بەر لە من گەیاندبوێ.

بەڕێوەبەرەکە خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکەی بوو. سەری لەگەڵ بادەدا و تاو ناتاو بە خۆشیەوە ڕستەیەکی بە دەنگێکی بەرز دەخوێندەوە. کە تەواو دەبوو یەک دوو جار دەستی بە ئێخەی چاکێتەکەی دادەهێناو ئافەرینێکی بۆ ڕەوان دەکرد.

منیش نووسینەکەم لە نێو ئەو جانتا بچووکە دەرهێنا کە تازە کڕیبووم. بەم بۆنەیەی بوومەتە ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسیش جانتای گەرەکە! کاغەزەکەم خستە بەردەمی. بەبێ ئەوەی سەیری من بکا دەستی درێژ کرد و کەوتە خوێندنەوەی. هێندەمزانی هێدی هێدی تووڕەیی‌یەک ڕوخساری گرتەوە. چاوەکانی سور هەڵگەڕان و وەک گۆمی خوێنیان لێهات. بە دەنگێکی زبر گوتی: ( (قسەی قوڕ. . کەی ئەمە وایە؟! بەم حاڵە دەتەوێ ببیە ڕۆژنامەنووس. . تڕحێو!) ) . کاغەزەکەی لوول داو بە ڕقەوە فڕێی دایە بەردەمم . زۆر دڵ گیر بووم. داخی گرانم هیچم لە دەست نەدەهات و وەک ئەوم بۆ مەیسەر نەدەبوو کاغەزەکەی بە لمووزی دابدەم و تفێکی خەستیشی لە نێوچاوان بکەم، هەر هێندە نەبوو بەدەنگ دەرینەکردم ئەگەنا هەموو هەڵس و کەوتێکی وای گەیاند. وەک ئەوەی دەستم لە کەلەبچە دابێ هیچم بۆ نەکرا.

گریان خۆی بە قوڕگی هەڵواسیم. گرێکی وا لە دەروونم هەڵایسا گوتم نوکە ئاگر بەردەبێت گشت گیانم. بە نادڵی هەڵسام و چوومە دەرەوە. لەبەر دەرگا چاوەڕێم کرد تا کابرای تر هاتە دەرەوە. بینیم کاغەزێکی. بەدەست بوو و بە شادیەکەوە هەنگاوی دەنا. لێم پرسی ها چیبوو. . گوتی تەواو. . وەرگیرام گوتم! . . باشە پێم بڵێ چ بابەتێکت هەڵبژارد. . لە سەر چیت نووسی؟. ڕەق و ڕاست کاغەزەکەی دایە دەستم. بە خێرایی چاوم پیاخشاند. سەرسام بووم! لەبەردەم خۆم گوتم (درۆ دەردی سەی کەی ئەمە وایە. بابەتی ئاوا هیچ و پووچ کەی دەبێ لە ڕۆژنامە شتی لەسەر بنووسرێ!) کە چوومە دەرەوە زۆر پێکەنینم بە خۆم هات. سەد جنێویشم بۆ هاوڕێیەکەم ڕەون کرد. گوتم بە خوا تەڕ کارت بۆ دۆزیمەوە وا چاکە بچم لە کارێکی دیکە بگەڕێم. .